هەندێک شت دێت بەسەر نەفسماندا کە زۆر گەورەیە بەلامانەوە دەری ببڕین، فەرمووی: «ئایا بەڕاستی ئەوە ڕوودەدات؟»، ووتیان: بەڵێ، فەرمووی: «ئەوە بەڵگەی دڵسۆزی وپاکی ئیمانە

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: خەڵکانێک لە هاوەڵانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هاتن، پرسیاریان لێیکرد: هەندێک شت دێت بەسەر نەفسماندا کە زۆر گەورەیە بەلامانەوە دەری ببڕین، فەرمووی: «ئایا بەڕاستی ئەوە ڕوودەدات؟»، ووتیان: بەڵێ، فەرمووی: «ئەوە بەڵگەی دڵسۆزی وپاکی ئیمانە».

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە]

کۆمەڵێک هاتن بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەیان کرد شتێکی گەورە دێت بەسەر نەفسیاندا لە قسە وخەیاڵکردنەوە کە زۆر مەزن وترسناکە بەلایانەوە باسی بکەن ئەمیش بەهۆی ناشیرینی وحەز نەکردنیان لێی، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: ئەمە ئیمانی ڕوون وبەقینە کە هۆکارە بۆ دوورخستنەوەی وەسوەسەی شەیتان لە دڵدا ونکۆڵی کردنتان لەوەی بە زمان بیڵێن وشتێکی گەورەیە لە نەفستاندا، وشەیتان ناتوانێت زاڵ بێت بەسەر دڵتاندا، بەپێچەوانەی ئەوانەی کە شەیتان زاڵ بووە بەسەر دڵیاندا وناتوانێت لەخۆی دووری بخاتەوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/65011